# له لای سەعیدی کوڕی جوبەیر بووم، ووتی: کام لە ئێوە دوێنی ئەو ئەستێرەی بینی کە شیهابێکی لێوە کەوتە خوارەوە؟ ووتم: من، پاشان ووتم: من لە ناو نوێژدا نەبووم، بەڵام پێمەوە درا

لە حوصەینی کوڕی عبدالرحمن ەوە دەڵێت: لە لای سەعیدی کوڕی جوبەیر بووم، ووتی: کام لە ئێوە دوێنی ئەو ئەستێرەی بینی کە شیهابێکی لێوە کەوتە خوارەوە؟ ووتم: من، پاشان ووتم: من لە ناو نوێژدا نەبووم، بەڵام پێمەوە درا، ووتی: چیت کرد؟ ووتی: ڕوقیەم بۆ خۆم کرد، ووتی: چی وای لێکردی ئەوە بکەیت؟ ووتم: فەرموودەیەک کە (شەعبی) بۆمانی گێڕاوەتەوە، ووتی: چی بۆ گێڕانەوە؟ ووتم: بۆمانی گێڕاوە لە بورەیدەی کوڕی حوسەیبەوە کە وتوویەتی: ڕوقیە نیە مەگەر بۆ چاوێک یان بۆ تایەک نەبێت، ووتی: چاکی ئەنجامداوە؛ ئەو کەسەی بە گوێرەی ئەوەی بیستوویەتی کردەوە بکات، بەڵام ئیبن عەباس دەڵێت کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئومەتەکانم پێ نیشاندرا، پێغەمبەرم بینی کۆمەڵێکی کەمی لە گەڵ بوو، وپێغەمبەرم بینی پیاوێک یان دووانی لە گەڵ بوو، وپێغەمبەرم بینی کەسی لە گەڵ نەبوو، ڕەشاییەکی گەورەم پێ نیشیاندرا وامزانی ئەوە ئومەتەکەی منە، ووترا: ئەمە موسا وقەومەکەیەتی، سەیری لایەکی ترم کرد، ڕەشاییەکی گەورەم بینی، پێم ووترا: ئەمە ئومەتەکەی تۆیە، وحەفتا هەزاریان لە گەڵدایە دەچنە بەهەشتەوە بێ لێپرسینەوە وبێ سزادان»، پاشان هەستا وچووە ماڵەوە، بۆیە خەڵکی باسی ئەوەیان کرد (ئەو حەفتا هەزارەیان کرد)، هەندێکیان ووتیان: لەوەیە ئەوانە بن کە هاوەڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوون، وهەندێکی تریان ووتیان: ئەوانەن کە بە مسوڵمان بوونەوە لە دایک بوون وهیچ هاوەڵێکیان بۆ خوای گەورە بڕیار نەداوە، وهەندێک شتی تریان باسکرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو وئەو باسانەیان پێی ووت، ئەویش فەرمووی: «ئەوانەن کە داوای ڕوقیە کردن ناکەن، وداوای داخ کردن ناکەن، وباوەڕیان بە شومیەتی نیە، وتەوەکول وپشت بەستنیان تەنها بە خوای گەورەیە»، بۆیە عوکاشە هەستا ووتی: داوا لە خوای گەورە بکە کە من لە ئەوان بم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «تۆ لە ئەوانیت»، پاشان پیاوێکی تر هەستا ووتی: داوا لە خوای گەورە بکەن من لە ئەوان بم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «عوکاشە پێش تۆ کەوت لەو داواکردنە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

حوصەینی کوڕی عبدالرحمن -ڕەحمەتی خوای لێبێت- باسی گفتۆیەک دەکات کە لە نێوان ئەو وسەعیدی کوڕی جوبەیر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- ڕوویداوە سەبارەت بە ڕوقیە کردن، ئەویش ئەوەیە حوصەین دووپشکێک پێوەی دا وڕوقیەی کرد بۆ خۆی بە ڕوقیەکی ڕێگەپێدراو لە شەرعدا، کاتێک سەعید پرسیاری لێی کرد سەبارەت بە بەڵگەیەک لە سەر ئەنجامدانی ئەم کارە، حوصەین باسی فەرموودەیەکی (شەعبی) کرد -ڕەحمەتی خوای لێبێت- کە باسی ڕێگەپێدان دەکات بە ڕوقیە لە چاو وژەهر، وسەعید لە سەر ئەمە ستایشی کرد، بەڵام فەرموودەیەکی باسکرد کە ئامۆژگاری ئەوەی تێدایە کە واز لەم کردەوەیە بهێندرێت باشترە، وئەویش فەرموودەکەی ئیبن عەباسە کە چوار وەسفی تێدایە ئەگەر لە هەرکەسێکدا هەبێت ئەوا شایستەی چوونە بەهەشتە بە بێ لێپرسینەوە وبە بێ سزا، سیفەتەکان: داوانەکردنی ڕوقیە کردن، وداخ نەکردن، وباوەڕ نەبوون بە شومیەتی، وپشت بەستن وتەوەکول تەنها بە خوای گەورە، وکاتێک عەکاشە داوای لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد بۆ ئەوەی نزای بۆ بکات کە یەکێک بێت لە ئەوان؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو کە ئەو یەکێکە لە ئەوان، وکاتێک پیاوێکی تر هەستا بۆ پرسیارکردنی هەمان شت؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەرم ونیان بوو بەرامبەری بەوەی کە ئەم داواکردنە جێبەجێ نابێت وبۆ داخستنی دەرگای داواکردن لێی چونکە ئەگەر وا بوایە هەمووی داوای دەکرد.